# لەبرای عارەبەوە، مەرگەساتێکیتر بە دیاری

د.ئەحمەد میراودەلی

هەموو بەیانیان کە لە خەو ڕادەبم و، شەوانەش درەنگە سات دوای گەڕانەوەم لەکار، پێش هەموو شتێک بەدووی هەواڵی ولاتدا وێڵدەبم، بەئومێدی بیستنی هەواڵێکی خۆش هەرنەبێ هەواڵێکی وەک وێکخستنەوەی ماڵی کورد، خۆ خوانەخواستە هەرگیز بەتەمای هەواڵێکی وەهانیم، یەکێتی و پارتی دەست لەدەست و هێز لە میللەت جاڕی سەربەخۆیی کوردستان بدەن. زێدەڕۆیی نییە ئەگەر بڵێم هەواڵی خۆش زۆر دەگمەنن.

دوێنێ بەکاتی نیوەڕۆ، هەواڵی دڵتەزێنی تێرۆرکردنی کوردی سیڤیل لە شاری هەولێر، سەردێری ڕۆژنامە و سەرتۆپی هەواڵەکانی تەلەڤیزنی باکووری ئەمەریکا بوون.

بەدڵێکی پڕ زام و بەدەم هەنیسکەوە، داوا لە ئاهورا مەزدای مەزن دەکەم، ئارام بخاتە دڵی کەسوکاری ئەم کاروانەی شەهیدانمانەوە و، شەهیدانیش بگرێتە بەر سێبەری باڵی خۆی و لە شەڕی(**خوڵای**) عارەبان لەوە دونیا بپارێزێ.

ڕۆشنبیرانی کورد کە بێگومان ماستاوچی و خامە فرۆشان ناگرێتەوە، ڕەخنەیان لە ڕامیاری سەرکردایێتی کوردگرتووە و دووبارە بوونەوەی ئەمجۆرە ڕۆژانەیان بەدی کردووە و بە گوێی دەسەلاتدارانیاندا داوە. ڕۆشنبیرە دڵسۆزەکان هەمیشە داوای وێکخستنەوەی ماڵی کوردیان کردووە و، لە تێگەیشتنەوە کە ئاسایشی نەتەوەکەمان تەنها لە سەربەخۆییدا پارێزراوە، لەگەڵ شەقامی کورددیا دژی هەموو شێوەکانی لکاندنەوەی کوردستان بە ئێراقەوە وەستاون. ئاخر ئەمانە ئەگەر  خزمی پێغەمبەرەکەشیانبن، هەر بە دەردەکەی خوڕاسانیمان دەبەن کە بەشیر ملیان پەڕاند، دوای ئەوەی ئیمپراتۆرێتێکی دایە دەستیان.

دانزیت دالیوال: لە ئانەتۆلیان تایمس دا وتارێکی لەژێر سەردێری

Southern Kurdistan vs. the Kurds

کە مانای (باشووری کوردستان دژی کورد) دەبەخشێ. لە وتارەکەیدا دەڵێ، ئەگەر بارزانی و تاڵەبانی لەو بڕوایەدابوون کە سەددام دوژمنی کورد بوو، لە ڕاستیدا کاتێک کورد بۆ ڕژێمی مەرکەزی ئێراق کاردەکەن، دوژمنانیان لەماڵیانەوە زۆر نزیکترن.

پارساڵ ئەو برا عارەبە چاوڕەشانەی کە سەرکردەکانمان سەرقاڵی ئاوەدانکردنەوەی ماڵیانن، بۆ جەژنەپیرۆزە، سەدانیان لێ بێ هاوسەرو هەتیو کردین، ئەمساڵیش خوا لەدەستیان بەزیاد نەکا، لەگەڵ نادارییشیاندا، دیارییەکی کەمتریان پێ نەبەخشین، ئەی ئەگەر دارابن دەبێ چ دیارییەکمان بۆ سازکەن؟

جا کە چاوساغانمان کوێرن، وا من نامەیەک ئاڕاستەی نادیدان دەکەم.

بەڕێزان نادیدانی کورستان، بە بۆنەی ڕەوانەکردنی کاروانێکی نوێی شەهیدانەوە، نامەی پرسەم ئاڕاستەی دڵە بریندار و پڕخوێن و ماتەمەکەی خۆم دەکەم، لە هەمان کاتدا داواکارم لێتان، دوای خوێندنەوەی نامەکە م ، بە گوێی هەموو کەڕێکی کوردستاندا بچرپێنن کە بچن بە هەموو لاڵەکانی کوردستان بڵێن و مانگرتنێک لە بەردەم بارەگای هەردوو خواکەی کوردستان ساز بکەن و پڕ بەدەم هاوارکەن، بەس خوێنی کورد بە ئاشگێڕی ئێراقچێتیدا بکەن.

mirawdaly@hotmail.com 2005/05/06